# مام جەلال و حکوومەتی هەرێم نابێ بەرژەوەندیەکانی نەتەوەی کورد بکەنە قوربانیی حکوومەتی ئێران

خەلیل غەزەڵی
khalil.ghazali@gmail.com



پاش دەستگیر کردنی ئەندامێکی سپای قودس لە لایەن هێزەکانی ئامریکاوە لە سلیمانی بەناوی فەرهادی ، سەرکردەی حیزبەکانی دەسەڵاتدار و کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێم هەریەک وەخۆ کەوتوون و ،وێڕای مەحکوومکردنی ئەم هەنگاوەی هێزەکانی هاوپەیمانیان ، بەشێوەیەک ڕەفتار دەکەن کە دەڵێی ئامادەن بەرژەوەندییەکانی نەتەوەکەمان بەگشتی و بەرژەوەندییەکانی باشووڕ بەتایبەتی بکەنە قوربانیی پێوەندییە نا مەعقووڵانەکانیان لەگەڵ ئێران. کارێک کە تەنانەت شیعەکان، کە ئێران خۆی پێکی هیناون نایکەن.

هەر پاش بڵاو بوونەوەی ئەو خەبەرە، کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێم و پاشتر سەرۆکایەتی هەرێم و بەڕێز تاڵەبانی هەریەکە و لە پەیامی جیاوازدا ، وێڕای ئیدانەکردنی گرتنی پاسدارێکی ئێرانی لەلایەن هێرزەکانی ئامریکاوە، وەها شانیان داوەتە ژێ خراپکاریەکانی حکوومەتی ئێران، کە بیڕاستی بووەتە جێگەی سەرسووڕمان. تا ئەو جێگەیە کە ئەم بەرێزانە تەنانەت زبانی هەڕەشەیان بەکار هێناوە.

کاربەدەستانی حکوومەتی هەریم و بەرێز تاڵەبانی لە پەیامەکەی خۆیاندا ،ڕوو لە بەرپرسانی ئامریکایی (باڵوێزی ئامریکا و فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی ئەم وڵاتە لە ئێراق) دەکەن و دەڵێن ئەگەر بێتو ئەو کابرایە (فەرهادی) ئازاد نەکەن دەکەوینە بەر غەزەبی حکوومەتی ئێران، لەوەش خراپتر ڕاگەیەندراوەکانی ئامریکا لەمەڕ شوغڵی ئەو گیراوە(ئەندامی سپای قودس و بەرپرسی قەرارگای ڕەمەزان لە کرماشان ) وەدرۆ دەخەنەوە و دەڵێن ناوبراو هیچکارە و بازرگانێکی سادەیە(بڕاونە بە ڕاگەیەندراوەکەی جەلال تاڵەبانی لە کۆتایی ئەم بابەتەدا).لەوەش خراپتر بڵاوکراوەیکی یەکێتی بەناڕەحەتییەوە باسی ئەو ڕووداوە دەکات و ئیعتراز دەکات کە بۆچی وەکو "تیرۆرستێک مامەڵەی لەگەڵدا کراوە"( PUKMedya).

ئەو ئیدیعایەی مام جەلال و باقی بەرپرسانی حکوومەتی هەرێم لەکاتێکدایە کە ئامریکایەکان لە ڕاگەیەندراوێکی فەرمیدا دەڵێن کە لەسەر ئەخباری دروستی (جاسووسی) و بەراوەردکردنی وێنە فەرهادی‌یان گرتووە.

لەکەس دیار نییە کە مام جەلال و باقی بەرپرسانی حکوومەتی و حیزبی ئەو زانیاریەیان لەکوێ هێناوە کە فەرهادی بازرگانێکی ساکارە؟ ئایا ئەم بەرێزانە هەمیشە وا بەنیسبەت ڕاگەیەندراوە فەرمیەکانی ئامریکاوە بێ باوەڕن ، یا ئێستە کە پێی ئێران و سیخۆڕەکانی هاتووەتە مەیدان، بێباوەڕ بوون.

ڕاستی ئەوەیە بەپێچەوانەی قسەکانی مام جەلال و کاربەدەستانی هەرێم ، فەرهادی کابرایەکی بازرگانی کاسپکار نییە. بەڵگەش بۆئەم ئیدیعایە زۆرن، یەکەم ئەوەی هەر پاش بڵاو بوونەوەی خەبەری دەستگیر کردنی، دەوڵەتی ئێران بەشێوەی فەرمی هەڵوێست دەگرێ. هەمووومان دەزانین حکوومەتی ئێران هیچکات دڵسۆزی شاروەندانی دانیشتووی ئێران نەبووە کە ئەمە جاری دووەم بێت. دووەم، هەر ڕۆژی پێنجشەممە "عەبدلمەجید غەففووري" (ئوستانداری کرماشان) ڕادەگەیەنێت کە فەرهادی ڕاوێژکاری بەرزی ئوستانداری کرماشانە و دەبێ بە زووترین کات ئازاد بکرێت. ئەوە دەیسەلمێنێ کە فەرهادی یەکەم بازرگانێکی ساکار و مەدەنی نەبووە، چوونکە لە وەفدێکی حکوومەتیدا بارزگانی مەدەنی ناگونجێت. جیا لەوەش لە سیستەمی حکوومەتی ئێراندا هەموو ئوستاندارێەک ڕاوێکارێکی نیزانی هەیە کە بەزۆری پایەبەرزترین فەرماندەی نیزامیی ناوچەکەیە کە هاوکات ئەندامی شووارای ئەمنیەتی ئوستانە و شوێنی کۆبوونەوەیان ئوستاندارییە.

ئەگەر باشتر سەرنج بدەین دەبینین لەو وەفدەدا ژمارەیەکی دیکەش بوون ،بەڵام بۆ ڕاست فەرهادی دەگیرێت.لەکاتێکدا چەند کارمەندی ڕەسمیی ئوستانداری و ئیدارەکانی دیکەی کرماشان لەگەڵ ئەو هەیئەتە بوون. بۆ وەک ئەوانەی هەولێر هەموویان بە خڕی نەگیران؟ وەڵامەکە سادەیە. ئەویش بوونی زانیاریی روون و تەواو لەسەر فەرهادی.

بەباوەڕی من کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێم و لە سەروویانەوە بەڕێز مام جەلال دەبوا لە ئێران و دەسەڵاتدارانی گلە بکەن کە بۆچی بۆ چاوپێکەوتن و رێککەوتنێکی ئابووری، پاسداری سپای قودس دەنێرێ و دەبێتە هۆی شەرمەندە بوون بێ ئیعتباریی ئەوان. دەبوا پێشتر کاربەدەستانی ئێرانیان ئاگادار بکردایەوە کە حکوومەتی هەرێم و هیچ کوردێک ناتوانن هیچ زەمانتێک بۆ پاراستنی کەسانی نیزامی بدەن، بۆیە باشترە هەیئەتەکانی ئێرانی بەڕاستی لە کەسانی ئیداری بن نەک عەسکەری و نیزامی.

بێگومان بەو شیوەی کە کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێم و مام جەلال بۆ دیفاع لە پاسدارێکی جەنایەتکار هاتوونە پێش، ئەوەندەی دیکە خۆیان و دۆزی کورد لە پێش چاو دەسەڵاتدارانی ڕاستەقینەی ئێراق(ئامریکا و هاوپەیمانەکانی) سووک دەکەن. هەر ئەوەشە کە دەبینین ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر ، کۆمەڵانی خەڵک بەنیسبەت ئایەندەوە ناهومێد تر دەبن و ترسی دووپات بوونەوە هەرەس و شکست دیسان زۆر کەس و لەوانە دڵسۆزان و ڕۆشنبیرانی خستووەتە دڵەخورپەوە. کە ئاخرین نموونەی قسەکانی دوکتور مەحموود عوسمانە کە دڵێت:"کورد لای ئامریکا قوربی نییە و گەر (ئامریکا) لەگەڵ شیعە و سونی ڕێککەوێت، پشت لە کورد دەکات". ئەو ناهومێدی وهەراسانییەی دوکتور مەحموود و زۆر ڕۆشنبیری دیکە لە بێ عەمەلی و بێ سیاسەتیی پێشسوارانی ئیمڕۆی باشووری کوردستانەوە سەرچاوە دەگرێت. کە نموونەی هەرە دیاری ڕاوەستان لەبەرابەری ئامریکاوە بۆ پاسدارێکی ئێرانیە. لەبەرانبەردا بۆ دۆزی نەتەوەکەی خۆیان و، بۆ نموونە کێشەی کەرکووک متقیان دەرنایەت و چاوەروانن ڕەوەندی ڕووداوەکانی پێوەندیدار بەم کیشەوە(کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکانی دیکە) کەس و لایەنەکانی دیکە لەسەریان بڕیار بدەن.

بە کورتی ڕەنگە ئەو هەڵوێستە توندەی دەسەڵاتدارانی باشوور بتوانێ ئامریکا بێنێتە سەرئەو باوەڕی کەپاش خاڵیکردنەوەی هەموو زانیارییەکان (تخلیه اطلاعاتی) لە فەرهادی و درکاندن و ئاشکرا کردنی هەموو نهێنیەکانی، ئازادی بکات، بەڵام بێگومان ئەو هەڵوێستە نامەعقوولە شوێنی خراپی دەبی لە سەر داهاتووی خۆیان و نەتەوەکەمان.

قسەی ئاخر ئەوەی کە دەبوا لەم نیوانەشدا هێزەسیاسیـیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بیانتانیایە بە کەڵکوەرگرتن لە ئیمکانی ڕێکخراوەیی و پێوەندیەکانی خۆیان بە زووترین کات تەواوی زانیارییەکانیان لەسەر فەرهادی و تەنانەت هەموو ئەندامانی ئەو هەیئەتە"بازرگانی"یە بەدەست هێنابا و لە ئیختیاری بیروڕای گشتی و بەتایبەت حکوومەتی هەرێم و مام جەلال یان بنایە، تا تووشێ هەڵوێستێکی نا گونجی ئەوتۆ نەهاتبان. بەڵام وادیارە زۆر بەداخەوە دەیان ساڵ ئوردووگا نشینی و ئینشعاب و یەکتر کوتان مەودای کاری ڕێکخراوەیی کوێر کردوەتەوە.

ڕەزبەری 2707

**بەشێک لە نامەی مام جەلال:**

جەنابی باڵیۆز رایان کرۆکەر- ی بەڕێز

جەنابی جەنەراڵ جۆن پاتریۆس- ی بەڕێز

ڕێزو سڵاو..

هاوپێچ لەگەڵ ئەم نامەیەمدا نامەیەکی حکومەتی هەرێمی کوردستانتان ئاڕاستە دەکەم سەبارەت بەدەستگیرکردنی ئەندامی وەفدێکی بازرگانی کۆماری ئیسلامی ئێران لەلایەن سوپای ئەمریکاوە، کە بە ئاگاداری حکومەتی عیراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و بە کارێکی بازرگانی سەردانی سلێمانی کردووە، ئەم کارەش حکومەتی ئێرانی

نیگەران کردووە. لەبەرئەوە نیگەرانی خۆمانتان پێ رادەگەیەنم سەبارەت بە دەستگیرکردنی ئەو میوانە مەدەنییە ئێرانییە کە بە رەسمی سەردانی کردووەو بە بێ ئاگادارکردنەوەو هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستگیرکراوە.

رێزو سلاومان قبوڵ بکەن

جەلال تاڵەبانی

سەرۆک کۆماری عیراق

بەشێک لە ڕاگەیەندراوی حکوومەتی هەرێمی کوردستان:

"ئێمە لەلایەن خۆمانەوە هەڵسوکەوتی دەستگیرکردنی یەکێک لە ئەندامانی شاندی بازرگانی کرماشان لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانان بە کارێکی نا شەرعی دەزانین، لەهەمان کاتدا داوا دەکەین لە نزیکترین کات ئازاد بکرێت، هەروەها ئەو جۆرە هەڵسوکەوتانەش خزمەتی هیچ لایەک ناکات .

دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم ".